www.kurdistannet.org 17-7-2003

**گەشترین ڕووخساری دیموکراسی: ڕیفراندۆمە!**

# هەقمانە ئەگەر نیگەرانبین!

- **چەسپاندنی شەفافیەت و بەشداریکردنی سیاسی**
- **داکۆکیکردن لە کوردستانیەت خەمی هەرە گەورەمانە**
- **با لە رێی ڕیفراندۆمەوە گەلی کورد چارەنووسی خۆی دیارییکات**
- **جێگیرکردنی تاییە تمەندییەکانی میللەتی کورد لە دەستووری عێراقدا**

**دەستەیەك لە ڕووناکبیرانی کورد**

www.kurdistannet.org 17-7-2003



هەقمانە ئەگەر نیگەرانبین! چونکە تا ئێستە لەلایەن دۆستە هاوپەیمانەکانەوە بەرنامەیەکی ڕۆشن بۆ مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراق دیاری نەکراوە! نازانین ئەوان چۆن بیر لە پێکهاتەی جوگرفیای کوردستان دەکەنەوە! ئێمە نازانین ئەوان تاکو کوێ و چۆن تایبەتمەندیی نەتەوەیی کوردیان لە دەستووری چاوەڕوانکراوی عێراقدا لەبەرچاوگرتوە!

هەقمانە نیگەرانبین! چونکە ئێمە نازانین ئایا هاوپەیمانەکان چارەنووسی سیاسی و دوارۆژی کورد لە عێراقدا لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە ئەنجامدەدەن یان نا؟! بەڵام دەمانەوێ بەو دۆستانە بڵێین: ئێمە بەر لەوەی عیراقی بووبین، کوردستانی بووین. لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیشدا نە پرس بە کورد کراوەو نە گوێش لە خواستەکانی گیراوە.

هەقمانە نیگەران بین! چونکە بەدرێژایی تەمەنی حوکمڕانیەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٢١وە کورد چەوسێنراوەتەوەو ڕووبەری وڵاتەکەی تەسککراوەتەوەو سیاسەتی قڕکردن و نەهێشتنی لەبەرگیراوە.

www.kurdistannet.org 17-7-2003



**هەقمانە دڵنیانەبین و بەردەوام بپرسین:**

**پاشەڕۆژمان چۆن دەبێ؟**

**ئێمەی کوردی ئەنفال و هەڵەبجە و جینۆساید،**

**هەقمانە گومان بکەین و**

**هەقمانە تەواوی هەقمان وەربگرین!**

## هەقمانە ئەگەر نیگەرانبین!

به ڕووخانی ڕژێمی عێراق، دەرگا بە ڕووی قۆناغێکی بە چونایەتی نوێدا کراوەتەوە، کە دەشێ هەندێکی دڵخۆشکردبێ‌و هەندێکی دیکەشی تورەکردبێ، هەندێکی گەشبینکردبێ‌و هەندێکی دیکەشی دووچاری نێگەرانی یان ڕەشبینی کردبێ، هەندێکی بزواندبێ بۆ کارکردن‌و هەندێکی دیکەشی ئیفلیجکردبێ، هەندێکی هاندابێ بۆ پێداچوونەوە بە سەرجەمی تێڕوانین‌و کارەکانداو هەندێکیشی سوورکردبێ لەسەر بیروبۆچوون‌و ئامڕازەکانی خۆیان. به ڕووخانی ڕژێمی عێراق دەرگا بەڕووی هەموو جۆرە ئەگەر و شیانەکان‌و کۆمەڵێك گۆڕانکاریدا والآبووە کە گاریگەریی چارەنووسسازیان لەسەر میللەتی کورد دەبێ‌و شوێنەواری لە نەخشەی سیاسیی داهاتوی ناوچەکەدا دیاریدەکەن، بەڵام تاکو ئێستا، وێڕای نەمانی مەترسی‌و هەڕەشەی ڕژێمی عێراق‌و ڕزگاربوونی تێکڕای ناوچەکانی کوردستان، ئاسۆی ئەوە دیارنییە ئەگەر و شیانەکان ڕوو لەکوێ دەکەن‌و گۆڕانکارییەکان لەدوائەنجامدا بە قازانجمان دەبن‌و هاوسەنگ دەبن لەگەڵ تێکۆشان‌و قوربانیەکانی میللەتەکەمان یان بە زیانمان کۆتاییدێن‌و جارێکی دیکەو بەجۆرێکی تر ڕۆژگاری چەوساندنەوەمان دەستپێدەکاتەوە.

لەم بارودۆخەدا چەندین پرسیار هەن سەبارەت بە داهاتووی میللەتەکەمان کە چاوەڕوانی وەڵامدانەوە دەکەن، ئەو میللەتەی تاکو ئێستاش نە لەسەر ئاستی دەستوور و پرنسیپەکان‌و نە لەسەر ئاستی دامەزراو و گروپەکان ڕێگەی خۆی دیاری نەکردوەو بنیات نەناوە. پرسیارگەلێك کە وەڵامی هەمەلایەنی بێ پێچ‌وپەنا و هەڵهاتن لە ڕاستیەکانیان گەرەکە،. ئەمەش لە ڕۆژگارێکدا کە بەرژەوەندییە نێودەڵەتیەکان لە پێشبڕکێدان‌و هەڵمەتی جیهانگیری برەویسەندوەو تێڕوانینەکان

www.kurdistannet.org 17-7-2003



لێك چڕاون‌و زانیارییەکان لەلایەن ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوەو لەپێناو بەرژەوەندیی تایبەتیدا دەشێوێنرێن.

دەشێ پاش دەربڕینی پرسیارەکان، کەسانێك هەبن بڵێن پرسیارەکان ئاشکراو کۆنن‌و پێویست بە دووبارەو سەدبارەکردنەوەیان ناکات، هەشبن وەڵامی حازربەدەستیان پێبێ، بەڵام وێڕای ئەوە ڕێگەمان پێبدەن با هەڵوەستەیەك بکەین بۆ تێڕامان‌و بیرکردنەوە، ئەمەش لەکاتێکدا کەسان و لایەنی وەها هەن ئیرادەگەرانە دەخوازن هەموو ئاقار و میللەت‌و ئەزموونەکانی ناو عێراق پێکەوە گرێبدەنەوەو ویستێك دروستبکەن، وەك ئەوەی ڕابردوو، کە جگە لە بەرهەمهێنانەوەی چەوساندنەوەو دووبارەکردنەوەی کارەساتەکان هیچی دیکەی لێ سەوزنابێ. بێگومان مەبەست لە دەربڕینی پرسیارەکان دووبارەکردنەوەیان نییە، بەڵکو خستنەڕوویانە بۆ بەرپاکردنی گفتوگۆیەکی بەرهەمهێنەری ڕەخنەگرانە لەپێناو دۆزینەوەی وەڵامە ڕاستەکاندا. ئەمەش نەك بۆ بانگەشەکردن‌و نمایشکردن وەك ڕابردوو، بەڵکو بۆ بزواندنی ڕای گشتیی کوردو هەڵوێستوەرگرتن‌و کۆکردنەوەی ئەو هێز و توانایانەی مەبەستیانە ڕێڕەوی مێژوو ڕووەو ئەو داهاتوە بێ کە خواستەکانی میللەت‌و شەقامی سیاسی‌و کۆمەڵگەی کورد دەستەبەربکات. چونکە ئەو داهاتوە شتێکە خۆمان دەتوانین بەباشترین شێوە دروستیبکەین‌و هەر خۆشمان دەتوانین بەخراپترین شێوە بەکوێرەڕێگەی بگەیەنین. شایانی باسە، لێرەدا ئێمە گەرەکمان نییە چارەسەری خێرا، کتوپڕ، ڕاگەیاندنئامێز، دروشمخواز و تەکتیکی بخەینەڕوو، بەڵکو مەبەستمانە هێما بۆ هەندێ بنچینەی گرنگ بکەین لەپێناو مسۆگەرکردنی مێژوویەکی نوێ‌و جیاواز و ژیانێکی مرۆڤانە بۆ میللەتەکەمان.

*پرسیارەکان ئەمانەن:* پاش ئەوەی لە دوای ڕاپەڕینەوە کوردستان ناوچەیەکی نیمچە ئازاد بوە، وێڕای بوونی دوو حکومەتی ناوچەیی، خاوەن جۆرێك لە خۆبەڕێوەبردن بوە، ئایا لە عێراقی داهاتوودا کورد جۆرە حوکمڕانیەکی بۆ دەستەبەردەکرێ کە لەوە چاکتر و کاریگەرتربێ‌و بەقەد باڵای تێکۆشان‌و قوربانیەکانی بێت؟ دوای ئەوەی کورد بۆ دەیان ساڵ خەباتیکرد بۆ سەلماندن‌و چەسپاندنی

## هەقمانە ئەگەر نیگەرانبین!

تایبەتێتی ناسنامە و مەسەلە ڕەواکەی خۆی، واتە بۆ کوردستانیبوون، ئایا بەعێراقیکردنەوەی کورد نابێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامەی تایبەتی‌و سڕینەوەی جیاوازییەکانی نێوان کورد و عەرەب و کەمە نەتەوەییەکانی دیکە؟ دوای مێژوویەکی دووورودرێژی پڕ کارەسات‌و مەینەتی‌و کەڵەکەبوونی یادەوەرییەکی هەڵئاوساو بەچەوساندنەوەی بێوێنە و بوونی بەدگومانی بەرامبەر بە نەتەوەی سەردەست، بەڕەچاوکردنی پێکهاتەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق‌و تێڕوانینی ڕاستەقینەیان بۆ مافە ڕەواکانی میللەتی کورد، ئایا تێکەڵکردنەوەی ئیرادەگەریانەی کورد بە کۆمەڵگەی عێراق، بێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی مەسەلەی کورد و زەمینەسازی‌و دروستبوونەوەی دڵنیایی‌و بڕوا لای میللەتی کورد و جێگیربوونی دانانانی میللەت‌و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بە مافی چارەی خۆنووسینی کورددا، مانای لەناوبردنی جیاوازی‌و فرەڕەنگی‌و تایبەتمەندی نییەو ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ئیتنیکی خوێناوی‌و تراژیدی ناسەپێنێ؟ ئایا ئەو فیدرالیزمەی بۆ کورد قسەی لێوەدەکرێ، کە تاکو هەنوکە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ‌و ڕووخسار و پێکهاتە و سروشتەکەی دیارنییە، ئەو جۆرە دەبێ کە تایبەتمەندیی کورد دەپارێزێ‌و مافی یەکسانی‌و ئازادیی پێدەبەخشێ‌و ئارەزوومەندانە دەبێت، یان بەجۆرێك دەبێت کە لە داهاتوو و لە هیچ بارودۆخێکدا، لەبەر پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق، دەستکاری ناکرێ؟ ئایا لەو دەستوورەدا، کە بە سەرپەرشتی‌و هەڵبژاردنی ئەمریکیەکان دادەڕێژرێ، ڕەچاوی تایبەتمەندیی کێشەی کورد دەکرێ‌و ڕاشکاوانە هێمای بۆ دەکرێ یاخود وەك هاوڵاتیەکی عێراقی دەچەسپێنرێ؟ ئایا تاکو ئێستا دەستووری هەرێمی فیدرالی کوردستان خراوەتەڕوو و پێشنیار و داخوازییەك لە بارەی تایبەتمەندییەکانی کێشەی کوردەوە دراوەتە لیژنەی ئامادەکاری دەستووری عێراق؟ ئایا بکەری سیاسیی کورد بەتەنیا خۆی و بێ بەشداریکردنی زۆرینەی خەڵکی کوردستان (تاك‌و گروپ‌و حیزبەکان) لە پرۆسەی دیاریکردنی چارەنووسی داهاتوومان‌و بێ بوونی شەفافیەت‌و ئاگادارکردنەوەی زۆرینەی کۆمەڵگە لە هەموو ڕاستییەکان دەتوانێ لە ململانێکانی لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان‌و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا پشتئەستوور و

www.kurdistannet.org 17-7-2003



سەركەوتووبێت؟ ئایا ئێمەش وەك هێزە هاوپەیمانەكان خاوەن پرۆژەی تایبەتی خۆمانینو لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیو هێزەوە مامەڵەمانكردووە یان زیاتر خۆڕسكانەو لەژێر ئالای "گەمەی سیاسەت"و "دۆستی كورد"دا هەنگاومان هەڵهێناوە؟ ئایا بۆ بڕیاردان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەكان دەبێت پەنا بۆ ڕیفراندۆم ببرێت یان لە ژوورە داخراوەكاندا و لەلایەن كەمایەتیەكی كۆمەڵگەوە ئەنجامبدرێ؟

هیچ بكەرێك، جا تاك بێت یان گروپ، بێ بوونی تێڕوانینێكی ڕوون بۆ سروشتی ڕووداو و ململانێكانو هەڵسەنگاندنی ڕاستیی كێشەكانو تەرازووی هێزەكان، بەبێ بوونی هۆشیارییەكی ڕەخنەگرانەی هاوچەرخ، ناتوانێ وەڵامی ڕاستو دروستی ئەو پرسیارانە بداتەوە كە جۆرێك لە نیگەرانیو ترسی لای ئێمە خوڵقاندوە. هەروەها وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە تەنیا ئەركو مافی ئێمە نییە، بەڵكو كارێكە لە پرۆسەی گفتوگۆیەكدا ئەنجامدەدرێ كە زۆرینەی خەڵك بەشداری تێدا دەكەن. ئێمە لێرەدا چەند بیرۆكەیەك دەخەینە ڕوو كە دەشێ زەمینەخۆشكەربن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكانو هەڵوێستوەرگرتنو كاری دەستەجەمعی لەپێناو دامەزراندنی ڕای گشتیو تێكۆشان بۆ جێگیركردنی داهاتوویەكی مرۆڤانەو بەختەوەر بۆ میللەتی كورد.

## پێشەكییەكی مێژوویی

دەوڵەتانی (عوسمانی و سەفەوی) و دواتر (قاجاری)، كە تا ڕادەیەك پاشماوەی یەكەم شەڕی جیهانی وەك دەوڵەتانی (ئیمپریالی) بۆ ماوەی (پێنج سەد) ساڵێك ببوونە گەورە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك، ژمارەیەكی زۆریان لە گەلانی جیاواز لە ڕووی ڕەگەزو ئایینو ئاینزایەتییەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتەكانیاندا حوكمدەكرد، بەڵام بەكۆتاییهاتنی ئەو شەڕە بەپێی ئاگربەستی مودروس لە (١٩١٨/١٠/٣١)دا هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو قاجاری لاواز و كەنەفتەكاربوونو ئیدی دەوڵەتانی ئەورووپا، كە بە وڵاتانی هاوپەیمان ناسرابوون، بڕیاری چارەنووسی گەلانی ژێردەستەی ئەو وڵاتانەیان كەتبووە دەست.

هەڵبەت لە گەرمەی شەڕی جیهانیدا وڵاتە گەورەكانی وەك: (بەریتانیا، فەرەنساو ڕووسیا)، كە دەسەڵاتو هێزێكی زۆریان لە ڕووی سوپایی، سیاسیو ئابوورییەوە بەسەر

www.kurdistannet.org 17-7-2003



ئـەو دوو دەوڵەتـەدا هـەبوو، لـە (١٩١٦)دا پـەیمانێکیان لـەنێوان خۆیـاندا بەست، کـە بـە پەیمانی (سایکس ـ پیکۆ ـ سازەنەف) نێوی ڕۆیشتووەو بـەو پێیـە دەوڵەتی عوسمانی دابەشـکراو کوردسـتانی ژێردەسـتەی ئـەو دەوڵەتـەش بەسـەر هەرسـێ لـەو گـەورە دەوڵەتانەدا بەخشرایەوە.

بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی ڕووسیا ـ فەڕەنسا لـە ١٩١٦/٤/١٣ دا، کـە بەشـی یەکەمی پەیمانی سایکس ـ پیکۆ ی پێکدەهێنا، جگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە ژێردەستی ڕووسـیای قەیسـەریدا بـوو، دەبوایـە بەشـێکی گـەورەی بـاکووری کوردسـتانیش بـەر ئەو بکەوتایە. بەشی دوووەمی پەیمانی سایکس ـ پیکۆ، کە لە ڕێکەوتننامەیەکی نێوان بـەریتانیا ــ فەڕەنسا لـە ١٩١٦/٥/١٦دا بەسـترا، دەبـوو بەشـێکی زۆری سـوریاو زۆربـەی نێوچـەکانی ئـەنادۆڵ و ویلایـەتی موسـڵ بدرێتـە فەڕەنساو هـەندێك ناوچـەی دیکـەی سوریا بەر بەریتانیا بکەوێ.

هەرچـەندە بـەر لـەو مێـژووە چـەند شۆڕشـێکی جەماوەرانـەی کـوردی لـە ژێـر سـەرکردایەتی کلاسـیکیی کـورددا دژ بـە دەسـەڵاتی عوسمـانیو قاجـاری لـە پێنـاو سـەربەخۆیی کوردسـتاندا بـەرپابوون و بەئـەنجام نەگەیشـتن، بـەڵام یەکـەم شـەڕی جیهانیو کاریگـەریی لەسـەر دووا ڕۆژی نەتـەوەی کـورد سـەرەتا لـەو دابەشـکردنەوە دەستیپێکرد کە کوردستان دەکەوتە بن دەستی سێ دەوڵەتی ئـەورووپایی گـەورەی وەك: (ڕووسـیا، بـەریتانیاو فەرەنسا)و بـە یـەکجاری لـە ژێردەسـتەیی تورکـانی عوسمـانیدا ئازاددەبوو، بەڵام مەخابن ڕووداوەکانی نێوچەکەو بەرپابوونی شۆڕشـی ــ ئۆکتۆبـەری بەلشـەفیکەکان بـە سـەرکردایەتی (لێنـین)و دامـەزراندنی دەوڵـەتێکی کۆمۆنیسـتانە لە ١٩١٧دا بۆ خۆیان تراژیدیایەك بـوون لـە بەرەوپێشبردنی چارەسـەرێکی ڕاسـتەقینەی دوارۆژی مەسـەلەی کـورددا، کـە تـاکو ئـەورۆ بەدەسـتییەوە دەناڵێنێ. چونکـە ئـەو ڕووسیایەی بەشێکی گەورەی خاکی کوردستانی بـە پێـی سایکس ــ پیکۆ ــ سازەنەف بەرکـەوتبوو، نـەك هـەر لێـی پەشـیمانبووەوە، پـەلکو کەوتـە دژایـەتیکردنی هاوپەیمانەکانی پێشووی (بەریتانیاو فەڕەنسا) و سیاسەتیان لـە پارچـەکردنی دەوڵەتی عوسمانییـەوە گۆڕدرا بـە بـەرگریکردن لە پاراسـتنی یەکپارچـەیی تورکیـاو تەنانـەت

www.kurdistannet.org 17-7-2003



دەوڵەتی (بەلشەڤیك) بە سەرکردەیەتی (لێنین) یەکەم ولأت بوو کە ئیعترافی بە بزووتنەوەی (مستەفا کەمال ئەتاتورك)و حکومەتەکەی کرد لە ئەنکەرەو یارمەتی مادیو مەعنەوی بەردەوامی پێشکەشدەکرد.

پاش ئەم گۆڕانکاریانە هەردوو گەورە ولأتی هاوپەیمان (بەریتانیاو فەرەنسا) چەند گۆڕانکارییەکیان لە پەیمانی (١٩١٦)دا کرد و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ویلایەتی موسڵ بدرێتە بەریتانیاو لە ساڵی ١٩١٨دا بە تەواوی دەستی بەسەر ویلایەتەکانی عێراق (بەسرە و بەغدا)و ئەم ویلایەتەدا گرتو سوپای تورکی لەوێ دەرکرد.

هەڵبەت بیرە نەوتەکانی کەرکوك گەورەترین هاندەربوون لە سیاسەتی بەریتانیادا کە دەست بەسەر ئەم ویلایەتەدا بگرێو تەقەلای پێکەوە گرێدانی هەرسێ ویلایەتەکە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ناسیۆنالدا بدات، کە لە ژێر سەرپەرشتیو دەسەلأتی ڕاستەوخۆیدا بێت.

شایانی باسە، بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە ساڵەکانی (١٩١٨ ــ ١٩١٩)دا تەواو پەرەیسەند، کە بێگومان بانگەوازی سەرۆکی ولأتە یەکگرتووەکانی ئەو دەمەی ئەمریکا (ویلسۆن)، کە داوای ئازادیو سەربەخۆیی بۆ گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی دەکرد، لە هەمان کاتیشدا بلأوبوونەوەی بەیاننامەی هاوبەشی (بەریتانیاو فەرەنسا) لە ساڵی (١٩١٨)دا، کە داوای هەمان سەربەخۆییان بۆ گەلانی ئەوێ دەکرد، کاریگەریو ڕەنگدانەوەی ئیجابی لەسەر مەسەلەی کورد و بزووتنەوەکەی هەبوو. بۆیە هەر لە سەرەتای نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا، نوێنەری حاکمی بەریتانیا لە عێراق (جیم رۆئیل)ی وەك ڕاوێژکار ناردە سلێمانیو لەوێ بە ڕاشکاوی (شێخ مەحمود)ی وەك حوکمداری کوردستان ناساند، کە هەر دوای ئەوە بە دوو هەفتە شێخ مەحمودیش یەکەم حکومەتی کوردستانی لە(١١/١٧)ی هەمان ساڵدا ڕاگەیاند، کە تاکو (١٩١٩/٦/١٨) بڕیکرد.

پاش ئەو پەیمانەو بانگەوازە نێودەوڵەتیانە، مەسەلەی سەربەخۆیی گەلانو مافی چارەنووسیان چەمکێکی نوێی لە یاسای نێونەتەوەییدا بەخۆوەگرت. بەریتانیا، کە ئەودەمە دەوڵەمەندترین بەشی کوردستانی کۆنترۆڵدەکرد، سیاسەتیان تەباو کۆك

www.kurdistannet.org 17-7-2003



نەبوو لە چارەسەرکردنی تەواوی مەسەلەی کورددا، بەلاّم لەسەر ئەوە کۆك بوون کە مافی بەڕێوەبردنیان لە چوارچێوەی ئۆتۆنومیدا پێ بدریّ.

هەڵبەت ولاّتە سەرکەوتووەکانی شەڕی جیهانیو لە پێش هەموویانەوە بەریتانیا بیریان لە گرتنی کۆنفرانسێکی ئاشتیانە کردەوە، بە مەبەستی ئەنجامدانی سیاسەتی خۆیانو لە هەمان کاتدا چارەسەری کێشەکانی نێوچەکە، کە بۆ بەریتانیا یەکلاکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ خاڵی هەرە گرنگی سیاسەتی دەوڵەتەکەی بوو.

لەو کۆنفرانسە ئاشتییەدا کە لە پاریس لە نێوان (١٩١٩/١١/١٨ بۆ ١٩١٩/١/٢١) بەسترا، سەبارەت بە کێشەی کورد بۆچوونەکان وابوون، کە باشووری کوردستان جوتباقەی ویلایەتەکانی بەسرەو بەغدا بکریّو خۆرئاوای کوردستان بخرێتەژێر کۆنترۆڵی فەرەنساو هەردوو بەشەکەی دیکەش (ڕۆژهەلاّت و باکوور) وەك خۆی لە ئێرانو تورکیادا بمێننەوە.

هەر پاش ئەوە بە ماوەیەك لە شاری (سان ریمۆ)ی ئیتالیا، لە ڕۆژانی (١٩-١٩٢٠/٤/٢٦)دا کۆنفرانسێکی دیکە بەسترا، کە بەو پێیە ولاّتەکانی (عێراق، سوریا، لوبنان، فەلەستین، ئوردونو عەرەبستانی سعودیە) بخرێتە ژێر چاودێری بەریتانیاو فەرەنساوە، کە لەوێدا باس لە مەسەلەی کوردیش بەم جۆرە کرابوو:-

- کوردستان لە تورکیا دابڕیّو بخرێتە ژێر دەستی کورد؛
- فەرەنسا دەست لەو بەشەی باکووری کوردستان هەڵبگریّو ددان بنیّ بە سیستەمی (ماندات)دا بۆ خوارووی کوردستان، کە بەریتانیا سەرپەرشتیبکاتو دەسەلاّتی لە عێراقو فارسدا بچەسپێنیّ.

هەرچەندە لەو سەردەمەدا چارەنووسی گەلانی نێوچەکە بە تەواوی لەلایەن ئەو گەورە دەوڵەتانەوە بڕیاری لەسەر دەدرا، بەلاّم لە هەمان کاتدا سەرکردەو سەردارانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە هەموو کوردستاندا لە خۆکۆکردنەوەو تەقەلای چارەسەرێکی گشتگرانەی مەسەلەکەیاندا بوون، کە ژەنەراڵ (شەریف پاشا) وەك نوێنەری زۆربەی لایەنە کوردییەکان توانی ڕۆڵێکی بەرچاوی وا ببینیّ کە ئەنجامێکی باشی لە کۆنگرەی (سێڤر)ی (١٩٢٠/٨/١٠)دا لیّ دەربکەویّ، کە بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)

www.kurdistannet.org 17-7-2003



باس لە چارەنووسی دوارۆژی کورد بکات، بە شێوەیەك کە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ باکووری کوردستان دەستەبەربکرێو لە ڕێی ریفراندۆمێکیشەوە کورد بۆی هەبێت بڕیاری سەربەخۆیی بداتو ویلایەتی موسڵیش بخرێتەوە سەر ئەم بەشە.

هەرچەندە پەیمانی (سێڤر) چارەسەرێکی یەکجارەکی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد دانەنا بوو، بەلاّم بۆ یەکەمجار بوو کە بەڕەسمی ددان بەمافی کورددا بنرێو کێشەکەشی وەك مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی لە ڕووی یاساییەوە خرایەڕوو، خۆ ئەگەر ئەو بەندانە سەریان بگرتبایا، ئەوا لە دوولاوە کێشەی کورد ئیجابیاتی بەخۆوە دەدی: یەکەم/ کاریگەریی تەواوی لە سنووری ئەو ولاّتانەی دیکەش دەکرد کە کوردیان تێدا دەژیاو دووەم/ ئەو دەستکەوتە دەبووە بەردی بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی یەکگرتوو لە پاشەڕۆژدا، بەلاّم مەخابن بارودۆخی ئەو دەمەو گۆڕانکارییەکان بە بەرژەوەندیی کورد تەواونەبوون، چونکە پەرەسەندنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانەی مستەفا کەمال ئەتاتورکو هاوکاریو پشتیوانیکردنی دەوڵەتی بەلشەفیك بەسەرکردەیەتی لینین بۆ ئەو بزووتنەوەیەو هەڵوێستی هاوبیرانەی هەردوولایان دژ بە ڕێککەوتننامەی (سێڤر) لەلایەكو لەلایەکی دیکەش ناکۆکیو ململانێی نێوان هێزە هاوپەیمانەکانو گۆڕانی بارودۆخی سیاسی لە یۆنانو وەستاندنی شەڕ دژ بە تورکیاو لە هەمان کاتیشدا ناتەبایی نێوان هێز و ڕێکخراوە کوردییەکان لەنێو خۆیاندا، کە لایەنێکیان پشتیوانییان لە مستەفا کەمال دەکردو لەمانەش بترازێ گۆڕینی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە حکومەتی ئەنقەرەی مستەفا کەمالو خۆ نزیککردنەوە لێی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ لەگەڵیدا، بە هەموو ئەمانە وایانکرد کە سەردەمەکە بە بەرژەوەندی مستەفا کەمال کۆتاییبێت، کە لەئەنجامدا بڕیار بە بەستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی دیکەدرا بە مەبەستی پوچەڵکردنەوەی ڕێککەوتننامەی سێڤر، کە ئەویش لە (لۆزان) لە سویسرا لە(١٩٢٣/٧/٢٤)دا کۆنفرانسەکە ئەنجامدرا، کە لەوێدا بەتەواوی مافەکانی کورد پێشێلکرانو بڕیاردرا بەدابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار ولاّتدا.

www.kurdistannet.org 17-7-2003



بەپێی بەندی سێیەمی ئەو پەیماننامەیە: ئەگەر عێراق و تورکیا نەیانتوانی لە ماوەی نۆمانگدا سنووری نێوانیان دیاریبکەن، ئەوا (کۆمەڵەی گەلان) ئەو کارە دەکات.

ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە (١٩٢٤/١٠/٢٩)دا بەشێوەیەکی کاتی سنووری نێوان ئەو دوو دەوڵەتەی دیاریکرد، کە سنوورەکەشی بە(هێڵی بڕۆکسل) نێوی ڕۆیشتووە.

سەبارەت بە مەسەلەی کورد، کۆمەڵەی گەلان لە ڕاپۆرتێکدا لە مانگی شوباتی ١٩٢٥دا، کە لە کوردستانەوە بۆ بەریتانیا بەرزکرایەوە، ئەم خاڵانەی تێدابوو:
١- لەبەر ئەوەی بەریتانیا خاوەن ماندەتە لە عێراق، دەبێ بەڕێوەبەرایەتیەکی خۆیی بۆ کوردەکان دەستەبەربکات. ٢- لەڕووی ڕەگەزەوە زۆرینەی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ، کورد پێکدێنن، بۆیە پێویستە دەوڵەتێکی کوردی دروستبکرێ و هیچ کاتێکیش ویلایەتی موسڵ بەشێك نەبووە لە عێراق.

لە ڕاستیدا پاش دامەزراندنی هەردوو دەوڵەتی ناسیۆنال (لە عێراق ١٩٢١و لە تورکیا ١٩٢٣) ویلایەتی موسڵ لەنێوان بەریتانیاو تورکیادا هەر نەتوانرا ساغبکرێتەوە، بۆیە کۆمەڵەی گەلان لە کۆتایی ١٩٢٥دا، بەشێوەیەکی وردتر لە (١٩٢٥/١٢/١٦)دا سەبارەت بە نەخشەکردنی سنووری ئەو دوو وڵاتە ئەم بڕیارانەی دا:

١. هێڵی بڕۆکسل دەبێتە سنووری نێوان عێراق و تورکیا.
٢. بەریتانیا پەیمانێکی (٢٥) ساڵە لەگەڵ عێراقدا دەربارەی چاودێریکردنی بەسەر ئەو وڵاتەدا دەبەستێ.
٣. مسۆگەرکردنی مافی کورد لە ڕووی زمان و دەزگا بەڕێوەبەرایەتیەکانەوە.

دەبێت ئەو ڕاستیەش لەبیرنەکەین لەو گەڵ پرسییەی کە لە کوردستاندا ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە ویلاتی موسڵ کردبووی ڕاستگۆیانە نەبوو، چونکە گەل پرسییەکە بۆ سەربەخۆیی ویلایەتی موسڵ نەکرا، بەڵکو بۆ مانەوەی لە تورکیا یاخود جوتباقەکردن بوو بە ویلایەتی بەسرەو بەغدا ی عێراقەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەو نێوچە نەوتاویە دەوڵەمەندە بۆ بەریتانیا زۆر گرنگ بوو کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت و دانیشتوانی سوننەی ئەم نێوچەیەو ویلایەتی بەغدا زۆربەی پێکبێنن لە بەڕێوەبردنی کاروباری عێراقدا. هەر لەم ڕووەوە شا فەیسەڵی

www.kurdistannet.org 17-7-2003



سوننه ئەو ڕاستییەی نەدەشاردەوە کە دەیگوت: ویلایەتی موسڵ وەك سەر وایە بۆ جەستەی عێراق.

پاش تێپەڕبوونی ٦ مانگ بەسەر بڕیاری نەخشەکێشکردنی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلاندا، واتە لە(١٩٢٦/٦/٥)دا، هەر سێ دەوڵەت: (بەریتانیا - عێراق - تورکیا) جەختیان لەسەر ئەو سنوورە کردەوە لە بەندەکانی (٦ - ١٣)دا باس لە پێوەندیی کاری هاوکارانەی نێوانیان کرا، سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر بزووتنەوەیەکی چەکدارانە کە لە سنوورەکانی نێوان عێراق و تورکیادا دەکرێ.

دووای ئەوە بە یەك ڕۆژ، لە(١٩٢٦/٦/٦)دا، کۆمەڵەی گەلان ڕێککەوتننامەی نێوان ئەو سێ دەوڵەتەی پەسەندکردو ئەوجا بەتەواوی و بەڕەسمی ویلایەتی موسڵ جوتباقەی دەوڵەتی عێراق کرا. واتە پاش دروستبوونی عێراق بە(٥) ساڵ ویلایەتی موسڵ ی کوردی خرایە سەر عێراق، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە بێ ویست و ئارەزووی جەماوەری کورد، باشووری کوردستان خراوەتە سەر عێراق، کە لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە هیچ جۆرە شەرعیەتیەکی نییە.

شایانی باسە، لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردا، واتە لە ماوەی (٥٠٠) ساڵدا، هەر لە دروستبوونی هەردوو دەوڵەتی (عوسمانی و سەفەوی)یەوە، لە سەدەی شازدەیەمەوە تا دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان لە١٩٩٢دا، ژمارەی (٢١) ڕێککەوتننامەی هەرێمی و نێودەوڵەتی بە ڕەسمی دژ بە کوردو کوردستان مۆرکراون، بێ ئەوەی کورد لە دوورو نزیکەوە بەشداربووبێت یان ئاگاداری ئەو ڕێککەوتننانە بووبێت. بۆیە هەر هەموو ئەو ڕێککەوتننامانە بەپێی دەستوور و یاسا نێودەوڵەتی و نەتەوەییەکان شەرعی نین و دەبێت ڕەزامەندیی کوردیان لەسەربێت.

## چەسپاندنی شەفافیەت و بەشداریکردنی سیاسی

بەشداریکردنی سیاسی بەواتا فراوانەکەی، مانای بینینی ڕۆڵێکی دیاریکراوە لەلایەن هاوڵاتیەوە لە پرۆسەی بڕیارسازیی سیاسیداو بەواتا بەرتەسکەکەشی مانای مافی هاوڵاتیە چاودێری ئەو بڕیارانە بکات کە لەلایەن حوکمڕانەوە دەردەکرێ و هەڵیانسەنگێنێ و بیروڕایان لەسەر دەربڕێ. بەم پێیە بەشداریکردنی سیاسی گرنگترین

www.kurdistannet.org 17-7-2003



پێکهاتەی دیموکراسییە. بۆ چەسپاندنو بەهێزکردنی بەشداریکردنی سیاسی مافی میللەتە ئاگاداری هەموو شتێك بێت، ئەمەش نەك بەواتەی بەدەستهێنانی زانیاری لە حکومەتو دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەوە، بەڵکو بەواتەی ئەوەی میللەت ئاگاداری هەموو ئەو مەسەلانە بێت کە پەیوەندیان بە ئیمرۆ و داهاتووی خۆیو نیشتمانەکەیەوە هەیە (واتە بوونی شەفافیەت لەناو کۆمەڵگەدا) تا بتوانێ بەشداربێت لە بڕیارە چارەنووسسازەکاندا. بێگومان لە هەموو ڕۆژگارەکانو بەدرێژایی مێژوو مەیلی شاردنەوەی شتەکان لەئارادابوە، بەڵام ئەو کۆمەڵگەیانەی مەبەستیانە گەشەبکەن، پێویستە کرانەوە بکەنە یەکێك لە بەها گرنگەکانی ناوخۆو کۆمەڵێك پرنسیپو ڕێسای بۆ دابنێن تاکو مەیلی حکومەت بۆ کارپێکردنی دەسەڵاتو سانسۆرکردنو نهێنی پاراستن جڵەوبکەن.

یەکێك لەو دیاردانەی سەرچاوەی نیگەرانییە، نەبوونی کرانەوەو شەفافیەت یان پیواری (غیابی) بەشداریکردنی خەڵکە لە دەرکردنی بڕیارە چارەنووسسازەکاندا. بۆیە دەبینین ڕەوتی فەرامۆشکردنی میللەت لەگۆڕێیەو زۆربەی ڕێکەوتنەکان لە ژووری داخراو و بەنهێنییەکی لە ڕادەبەدەر ئەنجامدەدرێنو تەنیا کەمایەتیەك لێی ئاگادارن. ئێمە لێرەدا دەمانەوێ جەغت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەم قۆناغە ئەوەندە هەستیارەو ئەرکەکان ئەوەندە هەمەلایەنو گرانن کە بەهێز و توانای بکەری سیاسیی کورد جڵەو و دەستەبەرناکرێن. هەروەها بڕیارەکانی ئەم ڕۆژگارە ئەوەندە چارەنووسسازن کە مافی هیچ کەسو لایەنێك نییە بێ گەڕانەوە بۆ میللەتو پەنابردن بۆ ڕیفراندۆم (ڕاپرسی) تاوتوێیبکەن یان بیچەسپێنن.

## با داکۆکیکردن لە کوردستانیەت خەمی هەرە گەورەمان بێ

لەدوای ڕاپەڕینەوە، کوردستان ناوچەیەکی نیمچە ئازادبووەو کورد خۆی حوکمی خۆی کردووەو خۆی بەڕێوەبردوە. یەکەمین هەڵبژاردن لە کوردستانو پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی نموونەیەکی جوانی دیموکراسی بوو لە ناوچەکەدا، ئەگەر دووچاری ئەزموونی پێکهێنانی ئیدارەی کوردی لەسەر بنچینەی ٥٠٪ بە ٥٠٪ نەهاتایەو

ڕێڕەوی سروشتی خۆی وەربگرتایە، بێگومان ئێستا گەلێك دەستكەوتی لەوە مەزنترمان بەدەستهێنابوو. هەروەها ئەگەر هێزو توانای کورد ئاراستەی جێگیرکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەیەی دیموکراسی یەکگرتوو بکرایە، ئێستا گەلێك هەنگاوی مەزنمان هەڵهێنابوو و لەئاست ڕووداوەکانی ئەم سەردەمەشدا شێلگیرتر، کاریگەرتر و یەك هەڵوێست دەبووین. وێڕای ئەوانە، لە کوردستاندا جۆرێك لە فەرمانڕەوایی ناوچەییو پراوەکردنی دیموکراسی لە گۆڕێبوە و هەنگاوی چاکیش لەبواری پێشخستنی بارودۆخی کوردستان هەڵهێنراوەو ئەوە سەلمێنراوە کە کورد، ئەگەر دەرفەتی بدرێتێ، هیچی لە میللەتەکانی ناوچەکە کەمترنییە و دەتوانێ خۆی بەڕێوەبەرێتو داهاتووی خۆی مسۆگەربکات. بەواتایەکی دیکە، کورد لەسایەی پاراستنی هێزە نێودەوڵەتیەکانەوە جۆرێك لە سەربەخۆیی پراکتیزەکردووەو سەرنجی گەلێك هێز و لایەنی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوەو وەك مۆدێلێك بۆ بنیاتنانی دیموکراسی لە عێراق چاوی لێ کراوە.

پاش ڕووخانی ڕژێمی عێراق، لەبەر نەبوونی یەکپارچەیی ویستی کورد و لەژێر کاریگەریی پرۆسەی یەکخستنەوەی ناوچەکانی "عێراق"دا، بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە کوردستانیبوون وەرچەرخاوەو زیاتر بایەخ بە عێراقیبوون دراوە. ئەمەش بە بەهانەی بەهێزکردنی پێگەی کورد لە پایتەختو چەقی بڕیاردانو مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی چاکتر بۆ میللەتی کورد. ئەم ڕەوتە بۆتە مایەی دڵنیگەرانی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی کوردستان. چونکە ئەگەرچی گرنگە عێراقێکی دیموکراسی فیدرالی بێتەئاراوە کە کورد تیایدا دەسەڵاتداربێتو چیتر ڕژێمێکی وەك ئەوەی سەدام حسەین فەرمانڕەوایی نەگرێتە دەست، بەڵام ڕەوانییە تایبەتمەندیی مەسەلەی کورد وەلاوەنێین. ڕاستیش نییە بە قاچی خۆمان، پاش ئەو هەموو ئەزموونەی کەڵەکەمانکردونو پێش دڵنیابوون لەوەی دەشێ بەدەستیبهێنین، بچینەوە ناو چوارچێوەی سنووری عێراقەوەو بەنرخێکی هەرزان دەستبەرداری خەونەکانمان بینو پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵگەی کورد لەبەر بەعێراقیکردن دوابخەین یان ڕابگرین، بەڵکو وا چاکە کورد ئیمرۆ کۆششێکی زۆر و خۆنەویستانە بکات بۆ یەکخستنەوەی

www.kurdistannet.org 17-7-2003



ئیـدارەی کـوردیو پێکـهێنانی ویسـتێکی یـەکگرتوو لەسـەر بنچینـەی دیموکراسـیو ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییـەکانی میللـەتی کـورد، نـەك بەرژەوەندییـە تایبەتیـەکان، چونکە ئـەوە تاکە زامنـە بـۆ پاراستنی ئەزموونەکەمانو بەدەستهێنانی ئـەو شێوازی حوکمڕانیـەی شایسـتەی خـەباتو خۆبەختکردنـەکانی گەلەکەمانـە. لێرەشـدا بەرپرسیارێتی دواخستنی ئـەم کارە لـە ئەستۆی هـەر هێز و لایـەنێك بێت، پێویستە ڕاشکاوانە بخرێتـەڕوو و هەمووولایـەکی لێ ئاگاداربکرێتـەوە تـاوەکو چیـتر گەمـە بـە چارەنووسو داهاتوومـان نـەکرێتو خـەونو ئاواتـەکانمان لـەنێو دەریـای فرمێسـكو خوێندا نقوم نەکرێتەوە.

ئێمـە، وەك کـورد، خـاوەن تایبەتمـەندیی نەتـەوەیی خۆمـانین کـە بنچینەیـە بـۆ پرۆسەی پێکگەیشتنو ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا. ئەمە بەهیچ شـێوەیەك مانای گۆشەگیری، دابڕان، خۆجیاکردنەوە، تەسکبینیو دەمارگیری نییـە. عـێراق لەبەر ئەوەی وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، بۆیە پێویستە لەسـەر بنچینـەی هەمەڕەنگی بنیاتنرێو ڕاست نییە تایبەتمەندیی نەتەوەیەك بکرێتە قورباتی تایبەتمەندیی سەرجەم وڵاتەکە. چونکە کولتـووری تاکرەهـەند هەمیشە گـیرۆدەی دەسـتی لێکچوونو دووبارەکردنـەوەو ڕۆتـین دەبـێ، لـەکاتێکدا کولتـووری فرەڕەهـەند دەوڵەمـەندتردەبێو هەریـەکێك لـە کولتوورەکان ئەویتر دەوڵەمەنددەکات. ئینجا کێ دەتوانێ بۆمانی بسـەلمێنێ کە کـورد و عەرەب لـە عـێراقدا بەیـەك دەچـنو یـەك ئینتیمای هاوبەشیان هەیـە؟ وێـڕای بوونـی ئامانجو خواستو مەبەستی هاوبەش لە عێراقدا، هەر بەشـێك لـە عـێراق، کوردسـتانو ناوچەکانی تر، خاوەنی واقیعو هەلومەرجو پێداویستیی تایبەتی خۆیەتی. بۆیە نـاکرێ گشتگیرانەو ڕەهاخوازانـە بـاس لـە عـێراقیبوون بکـرێو لـەبری پاراسـتنی فرەڕەنگیـی کولتوورەکانو دەوڵەمەندکردنی یەکتر ڕووبکرێتە باوەخونکردنەوەی کولتووری کـوردی بۆ ماڵە باوان: "عێراق".

## با لە ڕێی ڕیفراندۆمەوە گەلی کورد چارەنووسی خۆی دیاریبکات

فیدرالیزم، وەك سیستەمێکی حوکمڕانی بۆ ڕێکخسـتنی پـەیوەندیی نێوان نـاوەندی دەوڵەتێكو هەرێمە جۆربەجۆرەکان، لە جیهاندا بەیەك جـۆر لـەگۆڕێ نـەبووە. ئەگـەر

www.kurdistannet.org 17-7-2003



فیدرالیزمە جۆراوجۆرەکانیش لە بنەما گشتیەکاندا لەیەك چووبن، ئەوا لە جێبەجێکردندا جیاوازبوون. بێگومان چۆنێتی ڕێکخستنی پەیوەندییەکە گرێدراوی جۆری ئەو ڕێکەوتنەیە ئارەزوومەندانەیە کە لەنێوان ناوەند و هەرێمەکاندا دێتەدی. دەوڵەتی فیدرالی لە روانگەی ڕێکخستنی سیاسیو دەستوورییەوە کۆمەڵێك سیمای هەیە، گرنگترینیان ئەوەیە کە هەر هەرێمێك بەتەنیاو دەوڵەتی فیدرالیش دەستووری خۆی دەبێو هەر هەرێمێکیش سەربەستە لە دارشتنو دەستکاریکردنی دەستوورەکەی خۆیدا، بێ دەستێوەردانی دەوڵەتی فیدرالی. هەروەها هەر هەرێمێك دەسەڵاتی بەڕێوەبردن (حکومەت)، پەرلەمانو دەزگای دادوەری خۆی دەبێ. گرنگیی فیدرالیزم لەوەدایە کە تاکە زامنە بۆ چەسپاندنی بنچینەکانی دیموکراسیی ڕاستەقینەو دەبێتە هۆی دابەشکردنی سامانی وڵاتەکەو مسۆگەرکردنی چڕنەبوونەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستی دەوڵەتی ناوەندیدا.

لێرەدا گەرەکمان نییە قسە لەسەر فیدرالیزمو جۆرەکانو پراکتیزەکردنەکانی بکەین، بەڵام دەمانەوێ هێما بۆ ئەوە بکەین کە دەبێ زۆر وردکارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دروشمە و جێبەجێکردنەکەی بکەین، چونکە زۆر ڕەوتو ئاقار هەن کە کار بۆ ئەوە دەکەن فیدرالیزم لە عێراقدا لەسەر بنچینەیەك بنیاتبنێن (بۆ نموونە بەپێی پارێزگاکان) کە تایبەتمەندیی مەسەلەی کورد وەلاوەدەنێو وەك کێشەی میللەتێك مامەڵەی لەگەڵ ناکەن کە دەیان ساڵ بەدڕندەترین شێوە ڕەفتاری لەگەڵ کراوە، جینۆساید و ئەنفالو کیمیاباران کراوە، بەعەرەبو بەعسی کراوەو هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەکەی دراوە...هتد. هەروەها پێویستە جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە قبوڵکردنی فیدرالیزم یان هەر شێوازێکی دیکەی حوکمڕانی دەبێ لەلایەن کوردەوەو ئارەزوومەندانە بڕیاری لێبدرێتو هیچ کەسو لایەنو میللەتێك بۆی نەبێت بەبەهانەی جۆربەجۆر، وەك برایەتی کورد و عەرەب یان پاراستنی یەکێتی خاکی عێراقی لەجیابوونەوە نەهاتوو، بۆیان نەبێ ئاستەنگی بۆ دروستبکەن. واتە میللەتی کورد مافی چارەی خۆنووسینی هەبێو خۆی ئارەزوومەندانەو لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە (ڕاپرسی) نەك بە بڕیاری بکەری سیاسیی کورد، بڕیار لەسەر پێکهێنانی

www.kurdistannet.org 17-7-2003



فیدرالیزم بدات لەسەر بنچینەی جوگرافیای کوردستان، پاش گێڕانەوەی هەموو ناوچە دابڕاوەکان بۆ باوەشی نیشتمان، یاخود لەسەر هەر شێوازێکی حوکمڕانی بە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆشەوە.

## جێگیرکردنی تایبەتمەندییەکانی میللەتی کورد لە دەستووری عێراقدا

دەستوور بەڵگەنامەی بنچینەیی حوکمڕانیە کە دەسەڵاتەکانی ئاستە جۆربەجۆرەکان دیاریدەکاتو سنووری دەسەڵاتەکان دەستنیشاندەکات. یەکێك لە نیشانە دیارەکانی حوکمڕانیی دەستووری ئەوەیە کە سەروەریی میللەت دەچەسپێنێو چوارچێوەیەکی بنچینەییە ناکرێ بە ئاسانیو بەپێی ویستی زۆرینە دەستکاریبکرێ، بەڵکو پێویستە بەری ڕەزامەندیی هاوڵاتیان بێت لەڕێگەی دەنگدانەوە.

ماوەیەکە ئەمریکیەکان لیژنەیەکیان لە یاسازانەکان لە دەرەوە پێکهێناوە بۆ ئامادەکردنی دەستوورێك بۆ عێراق. زۆر گرنگە کورد، وێڕای پێداگرتن لەسەر سەروەریی میللەتو یاسا، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، سەربەخۆیی دادوەریو دادگاکان، پاراستنی مافەکانی تاکەکان، ئازادیی تاکەکەسیو ڕۆژنامەنووسیو...هتد، جەغت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە دەبێ لەو دەستووردا کۆمەڵێك بەند بچەسپێن بۆ پاراستنی مافی کورد و تایبەتمەندیی مەسەلەکەی، لەوانە: ١/ فرەنەتەوەییبوونی عێراقو پێکهاتنی لە دوو نەتەوەی سەرەکی (کورد و عەرەب)و کەمە نەتەوەییەکانی تر (تورکمان، ئاشوری، کلدانیو ئەرمەنی)؛ ٢/ یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی نەتەوەو کەمە نەتەوەییەکانو دانان بە مافی چارەی خۆنووسیی کورددا؛ ٣/ لەکاتی بڕیاردان لەسەر فیدرالیزم، فیدرالیزمەکە لەسەر بنچینەی جوگرافیای کوردستان بێتو زمانی ڕەسمی دەوڵەتی فیدرالی عەرەبیو کوردی بێ، بەڕێزگرتن لە مافی کەمە نەتەوەییەکانی دیکە. هەروەها پێویستە لە دەستووردا هێما بۆ ئەوە نەکرێ کە عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبو جەغت لەسەر عەلمانیەت بکرێتەوە، نەك هەر بەواتای جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، بەڵکو بەواتەی ڕزگارکردنی هەموو پانتاییەکانی کۆمەڵگە لەدەست کاریگەریی ئایین، بۆ نموونە: نەهێشتنی کاریگەریی ئایین لە بواری پەروەردەو خوێندنو یاساکانی ناسنامەو باری کەسێتیدا.

www.kurdistannet.org 17-7-2003



وێرای کارکردن بۆ دەستوورێك بۆ عێراق، پێویستە هەموولایەك تێبكۆشین بۆ ئامادەكردنی دەستوورێك بۆ ناوچەی كوردستان، بە ڕەچاوكردنی تایبەتمەندییەكانی میللەتی كورد و ڕێزگرتن لە مافەكانی كەمە نەتەوەییەكانی دیكەو تەنیا چاوەڕوانی ئەو دەستوورەی عێراق نەكەین. بۆ ئەمەش پەنا بە كەسانای شارەزاو تایبەتمەندی خۆمان بەرینو كاریش بۆ بلاوكردنەوەی هۆشیارییەكی سیاسی یاسایی بكەین، هەتا تاكەكانی كۆمەڵگەی كورد ئاگایانە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی دەستوورەكە و مەسەلەی دیموكراسی بكەن.

## مامەڵەكردنێكی ئەقڵانی لەگەڵ هاوپەیمانەكان

هاتنی هێزە هاوپەیمانەكان بۆ ناوچەكە و ڕووخاندنی ڕژێمی عیراق تەنیا كارێكی مرۆڤدۆستانە نەبوو بۆ لەناوبردنی ڕژێمی دیكتاتۆری و جێگیركردنی دیموكراسیو چەسپاندنی مافەكانی مرۆڤ، وەك خۆیان دەریدەبڕن، بەڵكو پرۆژەیەكی سیاسی ئابووری سەربازییە ڕواڵەتەكەی بنبڕكردنی تیرۆریزمە و ناوەڕۆكەكەشی دەستكاریكردنو سەرلەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی سیاسیی ناوچەكەیە، بە جۆرێك كە "ئاسایشی نەتەوەیی" ئەوان بپارێزێو سەرچاوەی كەرەستەی خاو و بازاڕی ساخكردنەوەی كاڵاكانیان بۆ دەستەبەربكاتو جڵەوگیریی داهاتوویان لەناوچەكەدا بۆ مسۆگەربكات. بۆیە دەبێ لەم ڕوانگەیەوە بڕوانینە هاتنەكەیانو بەپێی ئەمە هەڵسوكەوتیان لێكبدەینەوە، تاوەكو تووشی كورتبینی سیاسی نەبینو بتوانین بەشێوەیەكی واقیعی مامەڵەیان لەگەڵدا بكەین.

ئەگەرچی ئێمەی كورد لەگەل هێزە هاوپەیمانەكاندا تەبا و هاوكاربووین سەبارەت بە ڕووخاندنی ڕژێمو هاتنی ئەوان هۆكارێكی بڕیاردەر بوو بۆ یەكالاكردنەوەی كێشەی دەسەلاتی ڕژێمی سەدام، ئەو ڕژێمەی خراپتر لە هەڵسوكەوتی نازییەكان لەتەك جولەكەكان مامەڵەی لەگەڵ كردین، بەلام نابێ خۆبەخشانەو بەخواستی ئەوانو بەجۆرێك هەڵسوكەوت بكەین كە تەنیا خزمەتی پرۆژەكەی ئەوان بكەینو بەرژەوەندییەكانی خۆمان فەرامۆشبكەین. ئێمەش دەبێ خاوەن پرۆژەی خۆمان بین سەبارەت بە داهاتووی كوردستانو شێوازی ئەو حوكمڕانییەی دەمانەوێ

www.kurdistannet.org 17-7-2003



بەدەستیبێنین. هەروەها دەبێ خاوەن پرنسیپ و ڕێسای پەیوەندیکردنێك بین لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا بۆ ئاراستەکردنی پرۆسەی هاوکاریکردنەکەمان، نەك ئەوان لەسەر خاکی خۆمان، کە بەر لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام تیایدا فەرمانڕەوابووین، ببنە خاوەن ماڵ و بڕیارسازی هەموو مەسەلە چارەنووسسازەکان و ئێمەش ببینە میوان و پاشکۆ. شان بەشانی ئەوە، گرنگە لە هاوکاریکردنمان لەگەڵ ئەواندا هەمیشە جەغت لەسەر ئەمانە بکەینەوە: پاراستنی تایبەتمەندیی و سەربەخۆیی مەسەلەی کورد، سەلماندنی دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی کورد لەلایەن خۆیەوەو بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەرێگەی ریفراندۆمەوە (راپرسی)، چەسپاندنی پرنسیپەکانی دیموکراسی لەناو عیراق و کوردستان و لە مامەڵەکردنی نێوان خۆمان و ئەواندا، دوورکەوتنەوە لە پێکهێنانی پەیوەندی و هاوکاریی نهێنی...هتد.

## هەنگاوێك ڕووەو ئامانجێکی مەزن

مەبەستی ئێمە لە خستنەڕووی ئەو بیرۆکانەی سەرەوەو بەشێوەی بڵاوکراوەیەك، بەرپاکردنی گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لەنێو کۆمەڵگەی کورددا، بەنیازی کۆکردنەوەی هەموو هێز و تواناکان و پێکهێنانی ڕای گشتی بۆ ڕێگەگرتن لە فەوتانی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانمان، داکۆکیکردن لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد و بەگشتیکردنی لەناوەو دەرەوەی کوردستان و بەدەستهێنانی زەمینەی سیاسی و یاسایی بۆ دەستبەرکردنی ئەو مافە. ئەمەش لەرێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ و ئینتەرنێت)، سازدانی کۆڕ و سیمیناری تایبەتمەند و جەماوەری، نووسینی جۆراوجۆر بە کتێب و نامیلکە، کۆکردنەوەی ئیمزاو بەڵگەنامەو پێشکەشکردنی بە UN و هێزە هاوپەیمانەکان، خۆپیشاندان بۆ خستنەڕووی هەندێ دروشمی گرنگ بۆ قۆناغەکە...هتد.

دەستپێشکەرانی ئەم هەنگاوە گرێدراوی هیچ لایەن و ئاقارێك نین، وێڕای بوونی تێڕوانینی سیاسیی تاکەکانی، سەربەخۆیی هەنگاوەکە مەسەلەیەکی

www.kurdistannet.org   17-7-2003



حاشـاهەڵنەگرەو جگـە لـە بەرژەوەندییـــە باڵاکـانی نەتەوەکــەمان، کــە لــەم بڵاوکراوەیـەدا باسـکراون، هیـچ ئامـانجو مەبەسـتێکی دیکـەیان نییــە. هـەروەها جەغت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەنگاوەکە پڕۆژەی هـەموو تـاکێکی کوردە کـە خوازیاری بەدەسـتهێنانی ئامانجـە ڕەواکـانی گەلەکەمانــەو دەرگـای کـارکردنو هاوکـاری بــۆ هــەمووان واڵایـــەو دەتوانـــن بـــەو ناونیشـــانانەی لای خـــوارەوە پەیوەندیمان پێوەبکەن.

## با بە ریفیرێندوم (ڕاپرسی)
## گەلی کورد چارەنووسی خۆی دیاریبکات

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، بێ ئەوەی هیچ پرس و ڕایەك بە نەتەوەی کورد بکرێت، کوردستان پارچەپارچەکراو نەتەوەکەشی ژێردەستەکرا. حکومەتەکانی عیراقیش، چ لە سەردەمی پادشایەتیو چ لە سەردەمی کۆماریدا، کوردیان بێبەشکرد لە مافەکانی خۆیو لە سەردەمی بەعسیشدا بەردەوامیش سیاسەتی تەعریبو جینۆسایدیان لە دژی بەکارهێنا. ئەمرۆ، دوای دوانزە ساڵ لە ئازادیی کوردستان، هاوپەیمانان ڕژێمی سەددامیان ڕووخاندوە، بەلاّم تا ئێستا چارەنووسی کوردستان نادیارە.

کاتی ئەوە هاتووە، لەو بارودۆخە ناوچەییو جیهانیەدا، لەژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا (هاوپەیمانان، یەکێتی ئەوروپا و UN) ریفێراندومێك بە ئازادی لەناو هەموو کوردی عیراقدا ئەنجامبدرێت، بۆ ئەوەی خۆی چارەنووسی خۆی دیاریبکات لەوەی: کە لەگەڵ عیراقدا دەمێنێتەوە بە فیدرالی یان سەربەخۆیی خۆی بەدەستبێنێت.

**دەستەیەك لە ڕووناکبیرانی کورد**

## Let the Kurdish people determine their destiny through a referendum

After the First World War, Kurdistan was divided into pieces and the Kurdish nation was colonized without any consideration to the opinion of the Kurdish people. Further, the subsequent Iraqi governments in both monarchy and republic eras deprived the Kurds from their rights and particularly the Bath’s regime continuously practiced the policy of Arabization and genocide campaigns against them.

www.kurdistannet.org 17-7-2003

دەستەیەکێ لە ڕووناکبیرانی کورد

Today, after twelve years of freedom in Iraqi Kurdistan, the Coalition Forces have ended the dictatorship of Sadam's regime and controlled the whole country. Consequently, the destiny of the Kurdish people is again ambiguous. We believe that within the current regional and international circumstances, it is time for running a free referendum among Iraqi Kurds under supervision of the Coalition Countries, European Community, and the UN , so that Kurdis them selves in Iraq can determine their destiny whether to stay within a Federal Iraq or choose Independence.

**Agroup of Kurdish Intellectuels**

| ناو | پیشە | تەمەن | ئیمزا |
|---|---|---|---|
| ١/ | | | |
| ٢/ | | | |
| ٣/ | | | |
| ٤/ | | | |
| ٥/ | | | |
| ٦/ | | | |
| ٧/ | | | |

- تکایە ئەو فۆرمەی سەرەوە لە زاخۆوە هەتا حەمرین بڵاوبکەنەوەو ئیمزا کۆبکەنەوە با داوا لە هاوپەیمانەکان بکەین چارەنووسی کورد/ کورد خۆی لە عێراقدا دیاریبکات!
- هەر هاوڵاتیەك بۆی هەیە یەك جار ئیمزابکات. لە هەرلایەکەوە ژمارەی ئیمزاکان گەیشتە پێنج سەد ئیمزا، ئەوا فۆڕمی ئیمزاکە دەپێچرێتەوەو لە دواییدا دەگەیەنرێتە یەکێك لەم بنکانەی لای خوارەوە: پرسگەی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، پرسگەی سەنتەری گەنجان لە بەختیاری، پرسگەی تەلەفزیۆنی خاك، سەنتەری ڕاگەیندنی ژنان لە گەڕەکی شۆڕش.

هەقمانە ئەگەر نیگەرانبین!

**ریفراندۆم (راپرس) یەکێکە لە پرۆسە دیموکراتیەکانی دنیای ئازاد و**

**مافێکی سروشتی گەلانە**

* * * *

**خوشك و برایانی کوردا! لە هەرکوێیەك هەن**

**ئیمزا کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی لە رێی ریفراندۆمەوە**

**گەلی کورد خۆی بریاری چارەنووسی خۆی بدات!**

* * * *

**بە جیاوازیی ئایینیو مەزهەبییەوە**

**بە جیاوازیی ئینتیمای سیاسیو حیزبییەوە**

**با هەموومان داوای ریفراندۆم بکەین!**

* * * *

**تەنها بە راپرسێکی گشتی،**

**کە هەموو کوردێکی دانیشتووی کوردستانو عێراق بەشداریی تێدا بکەن،**

**لە چارەنووسمان دڵنیادەبین!**

* * * *

**با کوردی دەرەوەی وڵاتیش، ئەوانەی لە کوردستانی عێراقەوە کۆچیانکردوە،**

**پشتگیریمان بکەنو ئیمزا کۆبکەنەوە**

* * * *

**با هەزاران ئیمزا کۆبکەینەوە**

**با داوا لە هاوپەیمانان بکەین**

**چارەنووسی کورد/ کورد خۆی لە عێراقدا دیاریبکات!**

* * * *

www.kurdistannet.org 17-7-2003



**با ڕاپرسێکی گشتی لەو جۆرەی**

**کە لە تەیموری ڕۆژهەڵات، ئەریتریا و زۆر شوێنی تری دنیا کرا**

**لە کوردستانی عێراقیشدا بکرێت!**

* * * *

**لە زاخۆوە هەتا حەمرین**

**ئیمزا بۆ ڕیفراندۆم وەردەگرین!**

* * * *

**ئێمە دەستپێك لە شاری سلێمانیەوە ئەم بانگەوازە بۆ ڕیفراندۆم ڕادەگەیەنین**

**بەڵام چاوەڕێین لە هەموو شار و شارۆچکەو گوندێکی کوردستانەوە،**

**لە زاخۆوە تا مەندەلی، بێن بە دەنگمانەوە..**

**چاوەڕێین هەموو کوردێکی دانیشتووی ناو عێراق**

**لە بەغدا و لەهەر شوێنێك هەن**

**پشتگیریمان بکەن و ئیمزا کۆبکەنەوە!**

* * * *

**با بە ڕاپرسی، گەلی کورد لە کوردستانی عێراق**

**چارەنووسی خۆی ئاشکرابکات!**

* * * *

**پێویستە تەواوی مافی تورکمان و عەرەب و**

**ئاشور کلدان لە کوردستاندا پارێزراوبێت!**

**با له ئه‌نجامی ڕیفراندۆمه‌وه**

**گه‌لی كورد له كوردستانی عێراق خۆی بڵێ:**

**ئێمه له چوارچێوه‌ی ده‌وڵه‌تی عێراقدا ده‌مێنینه‌وه یاخود نامێنینه‌وه!**